# حوكمی هەڵواسین و خستنە ڕووی ئەو لۆگۆیەی کە نیشانەی خاچی تێدایە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

شێخ موحەممەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حكم عرض شعار الصحة المشتمل على صليب

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی هەڵواسین و خستنە ڕووی ئەو لۆگۆیەی کە نیشانەی خاچی تێدایە

**پرسیار** : من لە وولاتی بەریتانیا دەژیم لە شاری ( پرمنگهام ) و خاوەنی دەرمانخانەیەکم، جا لۆگۆ و شیعاری خزمەتگوزاریە نیشتمانییەکانی ئەم وولاتە کە گرنگی بە بواری تەندروستی دەدات بریتیە لە خاچێك، وەك ئەم شکڵە ( + ) من خۆیشم حاڵی حازر ڕام وایە کە هەڵواسین و خستنە ڕووی ئەم خاچە کارێکی حەرامە، چونکە زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) هەواڵی ئەوەیان پێپێداووین کە خۆشەویستمان هەستاوە بە تێکدانی هەر شێوە و وێنەیەك کە وەك خاچ وابووبێت، لەبەر ئەوە حاڵی حازر من خۆم ئەم لۆگۆ و شیعارە هەڵناواسم و نایخەمە ڕوو، بەڵام ئومێدەوارم لە بەرێزتان کە دڵنیام بکەنەوە لەم مەسئەلەیەدا، ئایا من کارێکی باشم کردووە، کە ئەم شیعارە ناخەمە ڕوو، یان ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگا دەدات بەوەهار کارێك ؟ خوای گەورە بە باشترین شێوە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر بێتوو ئەو لۆگۆ و شیعارە شێوە و شکڵی خاچ بدات کە گاورەکان بە پیرۆزی دادەنێن، و لەبەر ئەوەش خستویانەتە ناو ئەو لۆگۆ و شیعارەوە کە خاچە، ئەوە دروست نییە هەڵبواسرێت یان بخرێتە ڕوو، جەنابیشت کارێکی باشت کردووە کە هەڵت نەواسیوە و نەتخستوەتە ڕوو، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عن عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمْ يَكُنْ يَتْرُكُ فِي بَيْتِهِ شَيْئًا فِيهِ تَصَالِيبُ إِلَّا نَقَضَهُ [رواه البخاري ٥٩٥٢] .

واتا : عائیشەی دایکی بڕواداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لێ نەدەگەڕا هیچ شتێك لەماڵەکەیدا بێت شێوە و شکڵێ خاچ بدات ئیللا تێکی دەدا .

هەروەها بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتەی تر : عن أُمّ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أُذَيْنَةَ قَالَتْ : كُنَّا نَطُوفُ بِالْبَيْتِ مَعَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ فَرَأَتْ عَلَى امْرَأَةٍ بُرْدًا فِيهِ تَصْلِيبٌ ، فَقَالَتْ أُمُّ

الْمُؤْمِنِينَ : اطْرَحِيهِ اطْرَحِيهِ ؛ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا رَأَى نَحْوَ هَذَا قَضَبَهُ [ رواه أحمد ٢٤٥٦٧ ] .

واتا : عبد الرحمني كوڕی ئوزێنه ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : لەگەڵ دایكی بڕواداراندا بە دەوری ماڵی خوادا تەوافمان دەكرد، ئافرەتێك كە پشتە ماڵێكی دابوو بەسەر پشتیدا شێوە و شكڵێ خاچی لەسەر بوو، دایكی بڕواداران پێی ووت : فڕێی دە فڕێی دە، چونكە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) هەركاتێك شتێكی وای ببینیایە تێكی دەدا .

بە نسبەت شێوە و شكڵی خاچیشەوە هەندێك لە زانایان پێیان وایە شێوە و شكڵێ خاچ دەبێت لای سەرەوەی خاچەكە كورتر بێت لەلای خوارەوەی، هەندێكی تر لە زانایان ئەمەیان بە مەرج دانەناوە .

جا لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین : ئەگەر هاتوو ئەو شێوە و شكڵە هەمان ئەو شێوە و شكڵە بوو كە ئاماژەیە بۆ خاچی گاورەكان، لەبەر ئەوەش دەیخە سەر ئەو دەرمان و كارتۆنانە چونكە خاچە ئەوە بێگومان دروست نییە هەڵبواسرێت یان بخرێتە ڕوو، بە

پێچەوانەی ئەوەی ئەگەر هاتوو وەك نیشانەی کۆکردنەوەی ژمێریاری بەکار دەهێنرا یان دەنوسرا .

شێخ محمد بن صالح العثمیمین ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : خاچ ئەوەیە کە لەسەر شێوە و شکڵی دوو هێڵی یەکتر بڕ بێت، هەر بەم شێوە خاوەنی کتێبی ( المنجد ) پێناسەی کردووە، واتا : شێوەی هێڵێکی ڕاست بێت ، هیڵێکی تر یەکی بڕی بێت لەگەڵیدا، جا چی ئەگەر لای سەرەوەی لە ناوەڕاستی هێڵەکە بێت یاخود لەسەروو ناوەڕاستەوە بێت [مجموع الفتاوی المجلد السادس ، خطبة في تحقيق التوحيد ] .

لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوە زانستی و فەتوادانیشدا هاتوو :

شێوە و شکڵی خاچ کە شیعاری و هێمای گاورەکانە، ئەوەیە کە هێڵێك دانێیت بەسەر هێڵێکی تردا، بە شێوەیەك هێڵێ یەکەم کە لە گەڵ هێڵێ دووەمدا یەکی بڕیوە کەمێك درێژتر بێت ، بەشێوەیەك لای سەرەوەی کە یەکی بڕیوە لەگەڵ هێڵی دووەمدا کەمێك کورتر بێت بە ئەندازەی سێ یەکی لای خوارەوەی کە

درێژتره لـه ڕووی لای سەرەوە، کـه شێوه و شکڵێ هێڵێکی یەکتربڕی گۆشە یەکسان دروست بکەن [عبد الله بن غديان ... عبد الرزاق عفيفي ... عبد العزيز بن عبد الله بن باز ... (١٢١/٢) ].

هەروەها لەو فەتوایانەدا هاتووه : هیچ جیاوازیەکی نییە ئەگەر هاتوو ئەو دوو هێڵە یەکتر بڕە هێڵە ستونیەکەی درێژتر بێت لە هێڵە ئاسۆییەکەی، یاخود وەك یەك یەکسانیش بن، یان ئەگەر بێتو لای سەرەوەی ئەو دوو هێڵە یەکتر بڕە کورتر بوو لە لای خوارەوە یاخود یەکسان بوو بە ڕووی لای خوارەوەی [عبد الله بن قعود ... عبد الرزاق عفيفي ... عبد العزيز بن عبد الله بن باز ]

خوای گەورەش زاناتره .

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام .